www.kurdistannet.org
01/04/2002 23:55

# له حه‌مه‌سه‌عید حه‌سه‌نه‌وه‌ بۆ سه‌لاح شوان

حه‌مه‌سه‌عید حه‌سه‌ن

به‌وه‌ی جنێو به‌ من بده‌یت و درۆم بۆ هه‌ڵببه‌ستی خۆت پیێ پاك ناكرێته‌وه‌. ده‌شێ چه‌ندان به‌رپرسی نێو ینك و پدك داكۆكیت لیێ بكه‌ن، ئه‌دی هه‌ر ئه‌وانه‌ داكۆكییان له‌ هاوڕێیانت شێخ سه‌تار و عه‌بدولوه‌هاب تاڵه‌بانی و نه‌زار خه‌زره‌جی و وه‌فیق سامه‌ڕائیش نه‌كرد؟ هانابردنی تۆ بۆ ناوی سه‌رانی ینك و پدك به‌ڵگه‌ی لاوازیته‌، ئه‌گه‌رنا خه‌ڵكی به‌هێز و پاك پێویستی به‌ ته‌زكییه‌ و پشتگیری وان نابیێ.

ڕاست ده‌كه‌ی، ده‌توانی بچی له‌ ڕاگه‌یاندنی (ینك یان پدك) دا كار بكه‌ی، ئاخر ڕاگه‌یاندنی ئه‌و دوو لایه‌نه‌، پڕن له‌ هاوڕیێ دێرینه‌ به‌عسییه‌كانت. خۆ تۆ له‌ نێو به‌عسدا له‌وان كه‌متر نه‌بووی، ئیدی بۆ پێشوازیت لیێ نه‌كریێ! به‌ڵام ئه‌وه‌یان كه‌ نووسینی من له‌ كوردستان بلاَو ناكرێته‌وه‌، ڕاست ناكه‌ی، ئاخر هیچ نووسه‌رێكی كوردی ئه‌ورووپانشین له‌ بواری به‌رهه‌م له‌ كوردستان بلاَو كرنه‌وه‌دا، هێنده‌ی من چالاك نییه‌. هه‌ر له‌ (ڕامان) دا هێنده‌ لێكۆڵینه‌وه‌ی من بلاَو كراوه‌ته‌وه‌، كه‌ حه‌وسه‌ڵه‌ی ژماردنیان نییه‌.

ڕاگه‌یاندنی به‌عس هه‌ر له‌ ته‌له‌ڤیزیۆنه‌كانه‌وه‌ تا ڕۆژنامه‌ عه‌ره‌بی و كوردییه‌كان و ته‌نانه‌ت به‌رگی گۆڤاری (به‌یان) یش گه‌واهی له‌سه‌ر به‌عسیبوونی تۆ، ده‌ده‌ن، ئه‌وه‌ نه‌بوو وێنه‌ی دووقۆڵی تۆ و سه‌ددام حسێنیان بلاَو كردوه‌؟ ئایا ئه‌وه‌ ڕێكه‌وت بوو؟ بیێ منه‌ت به‌، هه‌ر به‌ڵگه‌نامه‌یه‌كت دژی من له‌ كنه‌، بلاَوی بكه‌وه‌، ئه‌وی په‌رێزی خاوێن بیێ، به‌ درۆ بالاَنسی تێك ناچیێ و وه‌ك تۆ هانا بۆ درۆ و جنێو نابا.

٢٠٠٢/٤/٢